# ئیسلامی سیاسیی !!!

دارا ئەحمەد
dara@emrro.com



لەیەکبەستانەوەی هەردوو ووشەی (ئیسلام و سیاسەت) بە مەبەستی چێکردنی زاراوەیەکی وەک(ئیسلامی سیاسیی) و بێدەنگبوونی سیاسەتمەدار و رۆشنبیرە پێشکەوتووخوازەکان لێی.. دوو هێندەی هەبوونی ئەو کەسە بەنێو سیاسیەتمەدار و رۆشنبیرانە عەنتیکەیە کە بەهۆی بەدتێگەیشتنیان لە سیاسەت ئەم زاراوە قورپەسەرە - بە شانازییەوە - بە زاراوەکی نوێی بەکاردێنن کە گوایە زاراوەکی تازەیان بە پشتگوێخستنی وێژەی سیاسیی عارەبیی لە وێژەی نوێی سیاسی کوردی ئافەریدە کردووەو دەتوانن بەهۆیەوە رێ بە رەوتی کۆنە پەرستانەی ئیسلام بگرن؛جاریەکەم لەبەرئەوەی بێدەنگبوون لەبەرامبەر زاراوەکی ئاوەهادا کەبەهیچ شێوەیەکو بەهیچ پێوەرێکی زانستیی و لۆژیکیی دروستبوونێکی تەندروست و شیاوی نییە..دەرفەتێکی لەباربۆ بنجداکوتانی دەرەخسێنێ و رەنگە بەهۆی هاتنە پێش و گونجانی واقیعێکی دەستکرد و داسەپاو وەک زۆر لە زاراوە پووچ و بێبناغەکانیتری نێو کایە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زەمینەی بەردەست خۆی بسەپێنێ .. ئەوکاتیش دەبێ بەناچاریی ووزە و قوربانیی و کاتێکی زۆر بەفیڕۆ بدەرێ بۆ رەتکردنەوە و بەرانگژبوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی ، جاری دووەمیش لەبەرئەوەی جیگای پێکەنینە کە کەسێکی رۆشنبیر یان سیاسەتمەدار خۆی بە پێشکەوتووخواز بزانێ کەچی هێشتا ئەوەی بۆ روون نەبووبێتەوە کە نەک هەر ئیسلام بەڵکە هەر دین و رێڕەوێکی خورافیی - زەردەشتیی ، بوزیی ، یەهوودیی ، مەسیحیی ، ... هتد -سەرتاپایان ئەگەر سیاسەتیان نەکردبایە و بەردەوام نەبان لەسیاسەت ئەوا نە لە سەرتادا دروستدەبوون کە دروستیش بوون نەیاندەتوانی بەردەوام بن و نە ئەوانەی ئێستا کە هێشتا ماونەتەوە و ئێستا خەریکی پەلەقاژێن دەتوانن بەبێ سیاسەتکردن هێندێکیتر درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن .

جا کەواتە بە چ پێودانگێک دەکرێ ئیسلام لە سیاسەت داببڕدرێ!؟ ئەگەر ئەو پێودانگەی کە پێیوایە ئیسلام لە لایەن ئەو خودایە دانراوە کە موسڵمانەکان باوەڕیان پێی هەیە.. ئەوا ئەوکات سیاسەتکردن بۆ موسڵمانەکان پێویست ناکا چونکە خودا چۆنی بووێ ئاوەها ئیسلام دەسەپێنێ و جوولە و تێکۆشانی موسڵمانەکانیش بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام بە سیاسەت نایێتە ژماردن چونکە ئەوان بوون و ویستیان لەدەست خۆیاندا نابێ و لەدەست خوایەکەیاندا دەبن‌و هەرکەسێکیش خودی خۆی لەدەست خۆیدا نەبێ ئەوا ناتوانێ سیاسەت بکا وەک سیاسەت ! یان مەگەر بەو پێودانگەی کە پێیوایە سیاسەتکردن واتا حیزبایەتییکردن و ئیسلامیش پێویستیی بە حیزبایەتییکردن نییە چونکە حیزب دەستکردی دژەئیسلام و کافرەکانە کەسی حیزبییش بۆ دەسەڵات و دەستکەوتی مادیی ئەم جیهانە کۆششدەکاو دوورە لە دین ئەمە لەلایەک و لە لایەکیدیش ئیسلام ژیانێکی دوورودرێژی بەسەربردووە و حیزبایەتیشی نەکردووە کەواتە ئێستاش پێویستی بە حیزبایەتییکردن نییەو خودا بۆخۆی بەڕێوەی دەبا کەسی پێویست نییە حیزبایەتیی بۆ بکا چونکە خۆی لەماوەی شەش‌رۆژ هەموو جیهان‌و بوونی درووستکردووە دەشتوانێ بە یەک (پف) هەمووی تێکوپێکبدا .

لێرەدا پێویست ناکا هێندە بە قووڵیی بچینە نێو ئەو بابەتەی کە سیاسەتکردن هەر تەنیا و تەنیا حیزبایەتیکردن نییە

چونکه به سەتان ئیمپراتۆریەت و جۆریتری دەسەلات سیاسەت و دەسەلاتدارییان کردووە و بەبێئەوەی حیزبایەتییشیان کردبێ..هەروا ناچینە نێو ئەو بابەتەش کە لەسەردەمی ئێستاماندا بە سەتان دەستە و بزاڤ کاردەکەن و بەبێئەوەی حیزبایەتییش بکەن سیاسەت دەکەن تەنانەت هێندێک دەسەلاتی وولاتە گەشەسەندووەکان هێندەی گرنگیی بەسیاسەتێکی بەرفراوانی نێو ڕێکخراوە کۆمەلایەتییو پیشەیی و ڕێکخراوە ناحیزبییەکانیتری نێو کۆمەل دەدەن هێندە گرنگیی بەسیاسەتی حیزبەکانیان نادەنو وەک پەراوێزێکی ڕێکخەری گشتیی سیاسەتەکانیان تەماشیان دەکەن، بەلکە بە شێوە گشتییەکە دەلێین کە لەم یەک دوو سەدەی دوایی حیزب بۆتە باشترین ڕێکخراوبوون بۆ سیاسەتکردن و گەیشتن بە ئامانج یان گەیشتن بە دەسەلات- بە دلنیاییەوە ڕۆژێک دادێ کەئیتر ئەو جۆرە ڕێکخراوبوونە کۆتایی بێ – ئیسلامیش مافی خۆیەتی حیزب بۆ ڕێکخراوبوونی سیاسیی خۆی بەکاربێنێ وەک هەر ڕێڕەوێکی هزریی و فەلسەفییتر کەپێش هەبوونی بەشێوازیتر سیاسەتیان دەکرد کە حیزبیش پەیدا بووە ئەوا بەشێوازی حیزبیی.. زۆریش ڕێیتێدەچێ لەمەدوا شێوازی حیزبیی بۆ ڕێکخراوبوون لە واقیعدا جێی نەبێتەوە و شێوازێ نوێ بێتەئارا و ئەوکاتیش هەر ڕێڕەوێک بۆی هەیە شێوازە نوێیەکە بگرێتەبەر بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی خۆی ، ئەگەر کەسانێک هەبن پێیانوابێ کە ئیسلام بەهیچ یەکێک لەشێوازەکان پێویستی بە ڕێکخراوبوون نییە لە ڕووی سیاسیی ئەوا با هەر بۆخۆی " سیر بخوا و زوڕنا لێبدا " باشترە بۆ ئەو .. چونکە ئیسلام تا ئێستا بە سیاسەتەوە ماوە و بە هەر جۆر و شێوەیەک هەیە لەپاش زیاتر لە ١٤٠٠ سال زیاتر لە یەک ملیارد کەسی بە خۆی پەیوەست کردووە - دیارە ئەمە نە ڕاستیی ئیسلام دەسەلمێنێ نە دەتوانێ گەردێک خەلکانی بە بەڕاستی ڕۆشنبیری بەواتایووشە لەوە پەشیمانبکاتەوە کەپێیانوایە ئیسلام و هەموو دینەکان یەکبەدوای یەک دوژمنی سەرسەختی مرۆڤنو مەرگی خۆیان لە پێشکەوتنی ژیان دەبیننەوە - بۆیە بۆ بەرانگژبوونەوەی ئەو بارە نابەجێیەی بەردەست دەبێ سەرەتا زۆر بەووردیی بە شێوەیەکی زانستییانە شتەکان وەکو خۆیان و هۆکارەکانی پەیدابوونی هەر دیاردە و شتێکیش بە ڕۆشنیی ببیندرێن ئەنجا هەنگاو بهاوێژدرێ نەک بەوشێوە ئەندێشەئامێز و بێبڕشت و ناشایستەیە وا بزاندرێ بەهۆی هێنانەئارای زاراوەی(ئیسلامی سیاسیی) ئیدی دەتواندرێ بەر بە ڕەوتی حیزبایەتییکردنی ئیسلام بگیردرێ و بەو شێوە ساویلکانەیە فێل لە ئیسلام بکرێ و پڕوپاگەندە بۆ ئەوە بکرێ کە گوایە ئیسلام یان هەر دینێکی تر شتێکی گیانییە و دەبێ وەک باوەڕێکی تاکەکەسیی ڕێزیلێبگیردرێ و لەبەرچاوبگیردرێو ناکرێ سیاسەتی پێبکرێ یان لەگەل سیاسەت تێکەلاو بکرێ یان دەسەلات بگرێتە دەست .. وەک چۆن بینیمان وولاتە ئەوروپایی و گەشەسەندووەکان ساویلکانە ویستیان لەژێر پالەپەستۆی ڕەوتی ڕۆشنگەریی فێل لەخەلکە ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەکان بکەنو تەنیا بە شێوە دروشمی " جیاکردنەوەی دین لە دەولەت "یان بەرزکردەوە..کەچی لەڕاستییدا وادەرنەچوو..بەلکە ئێستا لەزۆربەی ئەو وولاتانە لەگەلئەوەی یاساو دەستووری وولات لەسەر بنچینەیدین دانەمەزراوە بەلام هەر لە کارمەندێکی سادەی دامەزراوەکانی دەولەت کە کارتێکردنێکی هەیە لەسەر بەڕێوەچوونی سیستەم بگرە تا دەگاتە سەرۆکەکان هەرهەموویان بە جۆرێک لە جۆرەکان دین جێبەجێ دەکەن و ئەگەر هێندێکیان هیچ باوەڕیشیان بە دین نەمابێ ئەوا هەر لەبەر بەرژەوەندیی دەولەت ڕێز لە دین دەگرن و بەوپێیەی خۆیان دەیانەوێ دین جلەو دەکەنو بەئارەزووی خۆیان بۆ کوێیان بووێ بۆ ئەوێی دەهاژۆن .

لەکۆتاییدا جێگای خۆیەتی بە قاقایەکی قوول ئەو بەنێو ڕۆشنبیرو سیاسەتمەدارە پێشکەوتووخوازانە لەو خەوە قوولە بێدار بکەینەوە کە تێیدا بە حیزبایەتیکردنی ئیسلام دەبێژن (ئیسلامی سیاسیی).. ئاخر چەند دانە ئیسلام نییە تا پۆلێنیان بکەین .. ئیسلام هەر یەک ئیسلامە و موسلمانانیش هەموو ژیانیان هەر لە چاکوچۆنی نێوانیان کە بە (ئەلسەلامون عەلەیکوم) دەستپێدەکا تا دەگاتە (جیهاد) هەر هەمووی پەیڕەوکردنی بەرنامەکەیانە کە قسەکانی محەممەدە و ئەوان خۆیان پێیان دەلێن ( قورئان و حەدیس) ..

ئەوان ئەو مافە بەخۆ دەدەن کە حیزبایەتیی بکەن کە لە راستیشدا ئەگەر بە ووردی بە مێژوو دا بچینە خوارەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کە حیزبایەتیی لە سەرەتادا هەر لە لاساییکردنەوەی رێکخراوبوونی دین و چەند رێڕەوێکی وەک دین سەرچاوەی گرتووە تا دەگاتە قۆناغی سەرمایەداریی و بەو شێوە خۆی گۆڕیوە ..

ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە رێکخراو بوونی حیزبیی زیاتر بۆ رێڕەوی چەوسێنەر و دژەگەلیی لەبارترە وەک لەوەی بۆ رەوتی چەپ و پێشکەوتووخوازیی لەبار بێ وەک چۆن لە زەمینەی بەردەستیش دەیبینین کە تا ئێستا بزاڤی کۆمۆنیستیی و پێشکەوتووخوازی لە بەکارهێنانی ئەزموونی رێکخراوبوونی حیزبیی بۆ سیاسەتکردنو گەیشتن بە دەسەڵات سەرکەوتوو نەبوونە و پێویستە بەخۆداچوونوەیەکی گشتگیر بکرێ لەو رووەوە .. بۆیە ئەوان بڕیاریان داوە و حیزبایەتیش زۆر لەبارە بۆ ئەوان بە دڵنیاییەوە ئەوان بەردەوام دەبن لەسەری و گوێش لە ئێوە ناگرن کە چی دەڵێن و چی ناڵێن و زۆر بە هەڵەش دادەچن ئەگەر وابزانن دەتوانن فێڵیان لێبکەن .. دیارە بەلای منەوە باشترین چارە هەر ئەوەیە کە بە ئیسلام و هەموو دینەکان بگوترێ حیزبایەتییتان پیرۆز بێ چونکە بەڕاستی حیزبایەتیی هەر لە دینەکان و دەسەڵاتی چەوسێنەری ئێستای سەرمایەداریی دەوەشێتەوە و ئەو بزاڤانەش کە دەیانەوێ گۆڕانکاریی لە ژیان دروست بکەن و ئاشتی و ئازادیی و یەکسانی و ئاسوودەیی بۆ مرۆڤەکان بەدەستبهێنن ئەوا با بە دوای شێوە و جۆرێکیتر لە رێکخراوبوون بۆ سیاسەتی خۆیان بگەڕێن کە لە خۆیان بوەشێتەوە واتا رێکخراوبوونێک بێ بەگیان وبە جەستە هەست بە بوون و خواستەکانی مرۆڤ بکا و وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی سەردەم و بێ .